# لەپاڵ خەمی بێکاریدا ئالوودە بون بە مادەی بێهۆشكەر دەبێتە دیاریدەیەكی تری مەترسیدار لە كوردستان !

ریبوار عارف

بەكارهێنانی اعیادو موادی مخدر لە جیهانی ئەمرۆدا بووتە یەكێك لە كاریگەرترین ئەو هۆكارانەی كە هەڕەشە لە ژیان ملیونەها ئینسان دەكات. مەترسی مەرگهێنەری اعتیاد لەو ڕۆژانەوە دەست پێ دەكات كە سەرەتای ئالودە بوونی جەستەی ئینسانە بەو موادە كوشندەیە، ئیدی مەرگی لەسەرخۆ بەلاوازكردنی تواناو هیزی بیركردنەوەو كاركردن دەست پێ دەكات و لەپرۆسەیەكدا كۆتای بە ژیان دێنێت. بە تایبەت ئەگەر فەوری لە هەوڵی چارەسەركردن ودوورخستنەوەی ئەو ئینسانەدا نەبین.

ئەمرۆ وولاتانی كە ئیسلام تیدا دەستەلاتدارن گەورەترین بەرهەمێنەرانی وفرۆشیارانی موادی مخدرن، بە هیرین وحشیش و اعتیاد و. . . كە لەم بارەوە ئەفغانستان بە پڕ فرۆشترین وپڕ بەرهەمینەرترین وولاتی جیهان لەقەلەم دەدرێت. لە ئیران بەپێی زانیاری دەزگاكانی ڕاگەیاندن سالانە اعتیاد لە پەرەسەندایە بەڕادەی 10 ٪ ی جمعیەتی ئیران. ڕۆژنامەی " ایران امروز لەبەرواری ((30 اردیبهشت – 1381)) دەنووسیت بەپێی ئاماری رەسمی 12 ملیون كەس لە ئیراندا معتادن. تەنانەت سەرۆكی ڕێكخراوەی تەندروستی ((دكتور انصاری)) دانی بەوەدا نا كە معتاد لە ئیران لە شەش ملیون تێ پەڕی كردوە.

## كەسانی معتاد، ئازارو پەراوێز بوونەوەو دەبێتە بەشێك لە ژیانیان !

فێربوون وبەردەوام بوونی بەكارهێنانی اعتیاد دەبێتە هۆی تێكدانی ئۆرگانی جەستەی ئینسان و شێواندی باری دەرونی وگێژ بوون و بێ هێزبوون و بەتاك كەوتنەوە، كە سانێك كە بۆماوەیەكی زیاتر اعتیاد بەكار دەهێنن، لە ڕووی دەرونی یەوە زیانیان لێ دەكەوێت وبیركردنەوەیان لە ئاستیكی بەرچاودا ڕەوەندی ئاسای خۆی لەدەست دەدات وە گرفتارو بارگران و دەرون شێواو دەبن، بەتایبەت بەكارهێنانی جۆری حشیش دەبێتە هۆی لە دەستدانی ژیانی عاتفی وهەروەها كەم بوونەوەی سۆزو خۆشەویستی بۆ دەوروبەر، وە بەكارهینانی ڕێژەی زۆر مەترسی مەرگ وتیاچوون زیاتر دەكات.

یەكیك لە گرفتە سەرەكی یەكانی كەسانیك كە دووچاری بەكارهینانی اعتیاد دەبن، پەراویز بوونیان لە كۆمەلگاو قبوول نەكردنی كەسایەتیانە، ئالودە بوون بەو كێشەیە كەسایەتی ئەو كەسە لە ڕووی كۆمەلایەتی‌یەوە زۆر دێنێتە ژیر پرسیارو وەك كەسانێكی نامەتلوب چاویان لی دەكرێت ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە دووربن لە هەر جۆرە سۆز نیشاندان و خۆشەویستی و ڕێزلێنانێك، تەنانەت بەچاویكی سوك وەك تاوان بار سەرنجی دەدرێت، وە بێبەش دەكریت لەهەر جۆرە سوزو اعتماد پێ كردنیك تەنانە لەلایەن خیزان ودەوروبەرەكەی خۆشیەوە. بەدەر لەمەش لە زۆریكیش لەوكەسانە دەكەونە بەر ئازارو ئەشكەنجەو سزادانی پولیس و دام و دەزگا حكومەتی‌یەكان و تەنانەت زور جار دەكەونە بەر هیرشی كوشتن و لەنیوبردن لە ناو خەلكدا، ڕۆژنامەی كیهان لندن (6 – 12) دسامبر دەنووسیت ((. . لەچەند هەفتەی ڕابردودا لاشەی دەیان لاوی معتاد لە شەقامەكانی تاراندا دوزراوەتەوە. . . لەڕۆژكانی 27 – 28 اباندا لاشەی 14 ژن و پیاو لە ناوچە جیاجیاكانی تاراندا دۆزراونەتەوە. ))

www.kurdistannet.org

کەلە ڕاستی نە بەکارهێنانی اعتیادو مواد مخدر خۆ بەخۆ تاوانەو نە کەسێکیش کە بەم دەردە گرفتار بووە تاوان بارە، بەلکو تاوان باری سەرەکی ئەو هۆکارانەیە کە ئەم ئینسانانە ناچار بە ملدان بە بەکارهینانی ئەم مەوادە فەوتێنەرە دەکات.

**ئایا هۆی بلاوبوونەوەو پەرە سەندنی اعتیاد و موادی مخدر چیە ؟**

سەرەکی ترین هۆکاری تووش بوون وتێوە گلانی ئەم بەلایە دەگەرێتەوە بۆ نالەباری باری ئابوری وکێشە کۆمەلایەتی یەکان، وە بێبەش بوون لە ماف وئازدی یە فەردی ومەدەنی یەکان وبێ بەهرە کردنی ئینسان لە ویست وئارەزووەکانی.

جێگەی خۆیەتی لێرەدا کەسەرەتای سەرهەلدان وپەرەسەندی ئەم دیاریدەیە لەکوردستاندا هەلویستەیەك بکەین. لە کوردستانێکدا کە لە پرۆسەی دەهەی رابردودا شیرازەی هەر بنەمایەکی ئابوری خۆی لەدەستداوەو نەك هەر هیچ جۆرە بیمەیەکی بێکاری وبیمەی دەرمانی و. . . خزمەت گوزاریەك ئاسەوارێکی بەدی ناکرێ بەلکو برسیەتی، هەژاری وبەتایبەت بیکاری تەنگی بەژیان وگوزەرانی کریکاران وزەحمتکیشان هەلچنیوە، کەدیارە لەم بارۆدۆخە کە زۆریك لەلاوان کاتێك کە دەبین هەموو دەروازەکانی ژیان بەڕوویاندا داخراوە نائومیدی بالدەکێش بەسەریانداو بۆ خۆ دەربازکردن لەو وەزعە چیدی "داواکردن"و پەنابردن بۆ بەکارهێنانی اعیادو موادی مخدر دەبێتە ئەمرێکی واقع، ئەمە لە کاتێکدایە کە زمینەی" فەراهەم کردن" ئەمرۆ لە کوردستاندا لەهەر سەردەمانێکی تری لەبارترە، هاوسنوور بوونی ئیران وەك یەکێك لە گەورەترین وولاتانی بە تلیاك تەنراو تا چاولێنووقانی حکومەتی هەریم و پشتگوێ خستنی ژیان و چارەنووسی ئەم ئینسانانە بەتایبەت لاوان، زیاد بوون و پەرەسەندنی ئەم بەلایە دەکاتە دیاریدەیەکی ئاسای، کە دیارە فاکتۆریکی جدی هەمان ئەو سەرگەردانیە سیاسیەیە کەبالی کێشاوە بەسەر کوردستاندا، لێنەپرسینەو بێیاسای و تەراتێن کردنی هەرجۆرە شەبەکەیەکی قاچاخچی یەتی، ئاسایە دیاریدەی پەرەسەندی بەکارهێنانی اعتیادو مواد مخدر لە کوردستاندا ڕوو لە زیاد بوون بێت !

**چۆنی یەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی اعتیاد :**

دیارە هەروەك پیشتر ئاماژەمان پێ کرد، ڕیشەی لە نیوبردنی اعتیادو مواد مخدر لە لەنێو بردنی زەمینە ئابوری و کومەلایەتیە خولقێنەرەکاندایە کە ئامانجی هەر ڕۆژەی خەبات وتیکوشانی ئەو بزوتنەوەیە کە خوازیاری گۆڕینی ئەم دنیایە پیچەوانەو کۆتای هینان بەستەم وچەوسانەوەی ئینسان، بەلام چەند کاریکی فەوری کە دەکرێ هەرئیستە دەستەبەربکرێ وحکومەت ودەستەلاتداران لێی بەرپرسیارن ئەوەیەکە: هەرجۆرە کرین وفرۆشتنیکی اعتیادو موادی مخدر قەدەغە بکریت ولەمبارەوە لیپرسینەوەی جدیوسزای توندی قاچاخچیان وهاوکارانیان بدرێ. کردنەوەی مەلبەندی تایبەت بۆ چارەسەکردن ودور خستنەوەی لاوان لە بەکارهێنانی مواد مخدرو اعیتاد. بوونی پزیشك وراوێژکاری کۆمەلایەتی ودابین کردنی خزمەتگوزاری یەکانی تری وەك داودەرمانی خۆرای وخزمەتگوزاری وچاودێری تایبەت. دابینکردنی لایەکی کەمی ماف وئازادی وپیداویستییەکان لاوان وکەسانیك کە گیرۆدەی بەکارهینانی اعتیادو مواد مخدر بوون !

2002 / 7 / 26